# ئەی بەندەکانم، من ستەمم لە سەر نەفسی خۆم حەرامکردووە، ولەنێوان ئێوەشدا بەحەڕامم داناوە، بۆیە ستەم لە یەکتری مەکەن

لە ئەبو زەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە پەروەردگارییەوە دەیگێڕێتەوە کە پەروەردگار -سبحانە وتعالى- دەفەرموێت : «ئەی بەندەکانم، من ستەمم لە سەر نەفسی خۆم حەرامکردووە، ولەنێوان ئێوەشدا بەحەڕامم داناوە، بۆیە ستەم لە یەکتری مەکەن، ئەی بەندەکانم، هەمووتان گومڕان جگە لە ئەوانە نەبێت کە من هیدایەتم داون بۆیە داوای هیدایەت لە من بکەن؛ هیدایەتتان دەدەم. ئەی بەندەکانم، هەمووتان برسین جگە لە ئەوانەی من تێرم کردوون، بۆیە داوای ڕزق لە من بکەن؛ ڕزقتان دەدەم، ئەی بەندەکانم، هەمووتان ڕووتن وعەیبە وکەموکورتیتان دیارە جگە لە ئەوانە نەبێت کە من پۆشیومن، بۆیە داوای پۆشین لە من بکەن؛ دەتان پۆشم. ئەی بەندەکانم، ئێوە بە شەو وڕۆژ گوناهـ وتاوان دەکەن، ومن لە هەموو تاوانەکان خۆش دەبم، بۆیە داوای لێخۆشبوون لە من بکەن؛ لێتان خۆش دەبم. ئەی بەندەکانم، ئەگەر لە یەکەم کەسەوە بۆ دواین کەس لە ئێوە بە مرۆڤ وجنۆکەوە لە سەر دڵی تەقوادارترین کەسی ئێوە بن، ئەوا ئەمە هیچ لە موڵکی من زیاد ناکات. ئەی بەندەکانم، ئەگەر لە یەکەم کەسەوە بۆ دواین کەس لە ئێوە بە مرۆڤ وجنۆکەوە لە سەر دڵی خراپەکارترین کەسی ئێوە بن، ئەوا ئەمە هیچ لە موڵکی من کەم ناکات، ئەی بەندەکانم، ئەگەر لە یەکەم کەسەوە بۆ دواین کەس لە ئێوە بە مرۆڤ وجنۆکەوە بە هەمووتانەوە لە یەك شوێن بووەستن و داوا لە من بکەن، ئەوا من داواکاری هەمووی جێبەجێ دەکەم ئەوەندە لە موڵکی من کەم دەکات هەروەکو چۆن دەرزییەک لە ئاوی دەریا کەم دەکاتەوە کاتێك دەخرێتە ناو دەریاکە ودەهێندرێتە دەرەوە، ئەی بەندەکانم، ئەوە تەنها کردەوەکانتانە من بۆتان دەبژێرم، وپاشان پاداشتتان دەدەمەوە (بە چاکە وخراپە)، جا بۆیە ئەوەی خێر وخۆشی بینی؛ ئەوا با سوپاس وحەمدی خودا بکات، وئەوەش جگە لە ئەوەی بینی؛ ئەوا با تەنها لۆمەی نەفسی خۆی بکات».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕونی دەکاتەوە کە خوای گەورە -سبحانە وتعالى- ستەمی حەرام کردووە لەسەر نەفسی خۆی، وهەروەها ستەمی حەرامکردووە لەنێوان خوڵقێنراوەکانی ؛ بۆیە نابێت هیچ یەکێک ستەم لەئەوی تر بکات، وبەندەکان هەموویان گومڕان لە ڕێگای هەق وڕاستی مەگەر بەهیدایەت وسەرخستنی خوای گەورە، وئەوەی لە خوای گەورە بپاڕێتەوە ؛ سەرکەوتووی دەکات وهیدایەتی دەدات، وبەندەکان هەموویان هەژارن بۆ لای الله وپێویستیان بە ئەو زاتەیە لە هەموو پێداویستیەکانیاندا، وئەوەی داوا لە خوای گەورە بکات ؛ پێویستیەکەی بۆ جێبەجێ دەکات. وئەوان بە شەو وڕۆژ تاوان دەکەن، وخوای گەورە دایان دەپۆشێت ولێیان خۆشدەبێت ئەگەر بەندە داوای لێخۆشبوون بکات، وئەوان ناتوانن هیچ سوود وزیانێک بگەیەنن بە خوای گەورە، وئەگەر هەموویان لەسەر دڵی تەقوادارترین بن ؛ ئەم تەقوایە هیچ شتێک بۆ موڵکی الله زیاد ناکات، وئەگەر هەموویان لەسەر دڵی تاوانبارترین بن ؛ ئەمە هیچ شتێک لە موڵکی الله کەم ناکات، چونکە هەموویان هەژارن بۆ لای الله، وپێویستیان بە ئەو زاتەیە لە هەموو حاڵ وشوێن وکاتێک، وئەو زاتە دەوڵەمەند وبێ پێویستە -سبحانە وتعالى-، وئەگەر هەموویان لە یەک شوێن بوەستن بەمرۆڤ وجنۆکەیانەوە، لەیەکەمەوە بۆ کۆتایان وداوا لە خوای گەورە بکەن ؛ ئەوا بەپێی داواکەیان بەهەموویان دەبەخشێت، وئەمە هیچ شتێک لە موڵکی خودا کەم ناکاتەوە ؛ هەروەکو چۆن دەرزی ئەگەر بخرێتە نێو دەریاوە ودەربکرێت هیچ شتێک لەئاوی دەریاکە کەم ناکاتەوە، ئەمیش کامڵی وتەواوی دەوڵەمەندی وبێ پێویستی ئەو زاتە مەزنەیە -سبحانە وتعالى-، وخوای گەورە کردەوەی بەندەکان دەبژێرێت ودەیپارێزێت، پاشان لەسەر کردنیان ؛

پاداشتیان دەداتەوە لەڕۆژی قیامەتدا، هەرکەسێک بەرامبەر کردەوەکانی خێر وچاکەی پێبەخشرا ؛ ئەوا با حەمد وستایشی پەروەرگاری بکات چونکە سەرکەوتووی کردن بۆ گوێڕایەڵیکردنی، وئەوەی بەرامبەر کردەوەکانی تووشی سزا بوو ؛ ئەوا با تەنها لۆمەی نەفسی خۆی بکات کە فەرمانبپێکرد بە خراپە وبەرەو شکست ودۆڕان بردی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4810